# پەنا بۆ بەر سێبەری خانەقا

مامەند جەهان میهەن

"دەروێش سمایل"



بە سەروچاوی هەڵپێچراو و شەویلکەی شکاو و جەستەیەکی لە هەموو لاوە بریندار و رووشاو، سواری ئێسترێکی سەرشێت و چەمووشیان کردبووم و بە هەوراز و رژدی کەژەکەدا دەیانکێشا.

لە ناکاو گژەبا لە سەر یاڵەوە پنجە گرالکێکی بەرەورووی ئێمە هێنا و ئێستر سڵەمێوە و سەرسمی دا و هەڵدێردرا و، بەرەو خوار جاڵە بووینەوە .

کابرای خاوەن ئێستر کە ئەو شەوە لە گەڵمان بوو و بە سۆغرە گیرابوو، کەوتە هاوار و باوکەرۆ و بەخۆدادان و دەیکوت: بێت و نەبێت تازە ئێسترەکەم پساوە و پەکی کەوتووە.

ئیتر کابرا هیچ خەمی منی نەبوو کە من ماوم یان چۆن دەرچووم و چیم لێ بەسەرهاتووە.

ئەو شەوە لەم کەژ و کێوە بەرزەوە، بەو هەموو ئێش و ژان و دەردەوە، لەم شەوانە نەبوو خەو بە چاوم دابێت، کە رووناک بۆوە، تەپ و مژ و هەور هەڵا بوو، گومانی باران دەکرا، بەڵام زۆری پێنەچوو با هەڵی کرد و گەواڵە هەوری راماڵی و وەک شەماڵ لە دەرکی سیاماڵ، دەسماڵی سرکەیی و هەوریی سەری شۆخێکی جاف هەڵداتەوە و ئەگریجە و کەزیەی زێرینی راوەشێنێ و شانەوشان کات، تیشکی رۆژ وەدەرکەوت.

رۆژی دوایی شپرزەتر لە رۆژی پێشوو، بۆ گوندێکی داوێنی کەژەکەیان راگوێستم، هەر کە گەیشتم، پێش ئەوەی وچانێک بدەم و دانیشم، شیخێکی ریشنی سەرتاپا کەسک، دەستی گرتم و چۆخەکەی لەبەر داماڵیم و شاڵیکی سەوزی تێهاڵاندم و پیلی گرتم و بۆ ناو "جیب" ێکی شڕی بردم.

من لە تاوی ژان و بڕکی جەستەی زەخمار و جەمام، هەر نەم پرسی ئێوە کێن و بۆ کوێم دەبەن، بەڵام وادیار بوو فریام کەوتبوون و دەیانبردم لە جێیەک چارەسەرم کەن.

شێخ دووعایەکی خوێند و هوو و هاڵاوی دەمی بە سەر و چاوی من داکرد و وەڕێ کەوتین، دیار بوو نزای شێخ پێشەکی کاری خۆی کردبوو، لە هەر پاسگە و پرسگەیەک کە دەوەستاین، کەس لە منی نەدەپرسی، تەنیا ریز دەبوون دەستی شێخیان دەلێسیوە و رادەمووسی.

لە ماڵە شێخ، پیاوێکی پیری بە ساڵاچووی سوور و سپی لێبوو، کە وەژوور کەوتین لەناو دەرگاکەدا دانیشتبوو و سەری داخستبوو، دوایی چاک و چۆنی لێم پرسی: مامە تۆ باوکی جەنابی شێخی؟

بە سپایی سەری هەڵێنا و کوتی: من سەگی بەر دەرگای شێخم، پێشتر سەگی بابی بووم ئێستا بوومە سەگی خۆی!

من کە هەرگیز مەلا و شێخ و دەروێش و سۆفیم لە نیزیکەوە نەبینیبوو و ئاگاداری زمان و شێوەی دوان و رەوشتیان نەبووم، لام وابوو ئەم پیاوەپیرە گاڵتە دەکا و قسەخۆشە، بەڵام زۆر زوو بۆم دەرکەوت کە کار لە گاڵتە و جەفەنگ دا نییە.

شێخ هات و منی بە دەروێش ناساند و فەرمووی: دەروێش سمایل! ئەو کوڕە جەوانە، لە مریدانی دڵسۆز و بەوەجی خۆمانە، ئەویش هەر ناوی دەروێش سمایلە و خەڵکی دێهاتی نێوان "سایین قەڵا "و "مەحموود جغە"، تۆ دەروێش سمایلی پیر، ئەویش دەروێش سمایلی جەوان و ژیر.

دەروێش سمایل بێجگە لە ئاوپڕژێن کردنی گوڵ و هەڵپاچینی لک و پۆپ و چڵ و، دان و پرپۆڵە دان بە مریشک و جووجەڵەکان، هیچ کاری تری نەبوو، سپێدەی بەیان هەڵدەستا و خۆی پێوە خەریک دەکرد و هەرگیز بێ نمەکی نەکرد و، لە ڕێبازی بەندەیی کل نەبوو و دوای ئەم هەمووە ساڵەش لە شوێنی خۆی کە ناو دەرگاکە بوو، بەولاوەتر نەچوو بوو.

شەوێک لە نیوەی شەودا، دەرگای دەروازەیان کوتا، بێ ئەوەی چاوەڕوانی کردنەوەی بن، بەبێ وچان لێیان دەدا، شێخ وەخەبەر هات و بە سەری ڕووت و پرچی درێژی دەرگای دیوەکەی منی کردەوە، ترس و پەرێشانی بە ئاسانی بە سیما و ڕوخساری جوانیەوە دیار بوو، منیش کوتم بێت و نەبێت ئەم دەرگا کوتانە دەبێ بۆ گرتنی من بێت.

دەروێش سمایلیان نارد دەرگا بکاتەوە، هەر ئەوەندە دەرگا کەلێنی تێکەوت، چوار پێنج کەس بە پرتاو خۆیان بە حەوشە داکرد و، پیاوێکی سەر و چاو خوێناوییان لە نێوەڕاستی حەوشە لەسەر پشت درێژ کرد، دەست و لاقی کابرایان بە پشتینەکەی خۆی توند کەژووپێچ کردبوو، شێخ کە چاوی بەوە کەوت ئاهۆن بۆوە و گەڕایەوە ناوماڵ جل و بەرگی لەبەر کرد. من بە دیاریانەوە وستابووم و چاوم لێدەکرد.

شێخ هات و لۆیەکی شاڵە سەوزەکەی لە ملی کابرا هاڵاند و تۆزێک دەمی بزاوت و پرسی: ئەو پیاوە بۆ وای لی بەسەر هاتووە؟

یەکێکیان هەڵیدایە و کوتی: بە مانگە شەو ئاوی بێستانی داشتووە و دوو جار ئاوەکە هەڵبڕاوە، جاری سێهەم کە شکاوە و ویستوویە ئاوەکە هەڵبەستێتەوە، شایەتینی لە پشتەوە دەستی لێ وەشاندووە بەو ڕۆژەی بردووە.

شێخ تۆزێکی هێنا و برد و کابرای ئەم دیو ئەو دیو کرد و پرسی: ئەو پیاوە ناوی چییە؟

وتیان قادر.

کوتی: عەبدولقادر گوێت لە من بێت، کێ لێیداوی بە من بڵێ، لێی بپرسە ناوی بێژێت

عەبدەلقادر ناوی هەڵدە!

عەبدولقادر ناوی هەڵدە!

عەبدولقادر دەتلایەوە و جار جار بۆڕەیەکی لێدەهات.

شێخ فەرمووی: دەروێش سمایل! ئادەی ئەم گۆپاڵەم بۆ بێنە، دەروێش سمایل کە دیار بوو کاری هەر ئەو جارەی نەبوو بە پەلە بۆ لای کەپری دارمێوەکان چوو و، گۆپاڵێکی لە نێوان لک و پۆپی ڕەزەکان دەرهێنا و گەڕایەوە.

عەبدولقادریان خستە سەر زگ و بە کوتەک و تێلا بەربوونە گیانی و لێکدا لێکدا بانگیان دەکرد: عەبدولقادر ناویان هەڵدە!

عەبدولقادر ئەگەر پێشتر نووزەیەکی دەهات، ئەویشی نەمابوو، ئەوەندەیان لێدابوو و سەر وگوێلاکی کوتابوو، لە پەل و پۆ کەوتبوو.

من بە سەرسوڕماوی لە دەورەیان وێستابووم و وا هاسان و ساکار دەمهەویست ڕاز و نەهێنی ئەم شانۆیە بدۆزمەوە.

شێخ بە پەلە چۆوە ژوور و چەند چرکەیەکی پێچوو و کە گەڕایەوە نوشتەیەکی بە دەستەوە بوو، سرکەیەکی بە گوێی عەبدولقادر دا کرد و نوشتەی دا دەستیان و بەڕێی کردن.

چەند ڕۆژ تێپەر بوو، لە گەڵ دەروێش سمایل لە سێبەری چەپەری دار مێوەکەدا دانیشتبووین،دەرکی دەروازە لەسەر گازەرای پشت بوو، لە ناکاو پیاوێکی ڕەش و ڕووت و شڕۆڵ، قەرتاڵەیەک سەوزی و گیا و گۆڵ لە کۆڵ و، قازێک لە بن هەنگڵ خۆی بە حەوشە داکرد.

دەروێش سمایل چاک و چۆنی لە گەڵدا کرد و بۆ ژێر نیسێی ڕەوانە کرد، ئەو جار کە خۆی ناساند، تازە زانیمان کە ئەو پیاوە عەبدولقادر بوو.

عەبدولقادر زۆر بەند نەبوو، دیاری و سەرقەلەمانەی دانا و، دەستی شێخی ڕامووسی و، تۆزێک ورکەنانی وەک متفەرک لە دەسرۆکەیەکی چلکن کرد و وەدەرکەوت.

شێخ و عەبدولقادر هیچ گلەیی و گازندەیەکیان لە یەک نەبوو، عەبدولقادر وەک گوێزی ئازای لێ هاتبۆوە، شێخیش بێ ئەوەی چاوەڕوان بێت و چاوی لە دەستی کەس بێت سەوەتەیەک سەوزی و قازێکی خرتی پێ بڕابوو.

ڕۆژەکان تێدەپەڕین و من لە چاوەڕاونی دوکتور و چارەسەری دا مابوومەوە، هاودەنگیم هەر دەروێش سمایل بوو.

جاروبار لە سەر باری ناهەموار و شەڕ و کێشەی نێوان براکان، لەگەڵ دەروێش دەدوام، بەڵام دەروێش یا لێم تێنەدەگەیشت، یا گوێی نەدەگرت، یان لە وڵامدانەوە خۆی دەبوارد.

دوو دەروێش، مەست و بێ هۆش، هەر دوو نەشئەی شیرەی ئیمان و باوەڕ و خەونێکی خۆش، بەو ڕۆژگارە لە تەنیشت یەک دادەنیشتین و لە یەک تێنەدەگەیشتین.

جار جار کوڕی چووکەی شێخ کە هاوتەمەنی من بوو، دەهاتە لام و لەگەڵم دەدوا، ئەوێش هەر باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە نامەی بۆ کام کچی دراوسێ نووسیوە، کام کیژۆڵەی ڕامووسیوە و مەمکی کام کەنیشکی کوشیوە.

کەچی من تەنیا خۆشەویستی نیشتمانم لە دڵدا بوو و هەرگیز لە ڕێبازی لام نەدابوو و، هەنگاوی لارم نەنابوو، ئەم ئەوینە بەتینە ،تەمەنی منی ساڵیانێك بەرەوپێش تاو دابوو، ئێمە هەر چەند هاوتەمەن بووین، بەڵام زۆر لێک دوور بووین. وەکوو تاریکی و نوور بووین.

*ماویەتی